## عەبدولقادر عەلی مەردان:
## هونەرمەندمان هەیە نازانێ مەقامێک بە ئامێرێک بژەنێ.. باوکیشم لە شۆڕشی ئەیلوولدا بە سروودی نیشتمانی هاوکاریی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراقی کردووە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ - ٤)

* عەبدولقادر عەلی مەردان کە کۆڕی گەورەی هونەرمەندی بەناوودەنگی کورد، ئوستادی مەقامات (عەلی مەردان)ـە، هەر لەگەڵ فامی کردووەتەوە باوکێکی هونەرمەندی ناسراوی دیوە، بۆیە لە کاریگەرییەکانی کەسێتی و هونەری ئەو باوکە بە دوور نەبووە، منیش لەوەتەی لەناو دنیای ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا چاوم کردووەتەوە، ئەم پیاوە ماندووەم لە ناوەندی ڕۆژنامەوانی و هونەر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریدا بینیوە و ناسیوە، یەکەم جار لە بەغدا چۆنم دیوە، ئێستاش هەروەک خۆی ماوەتەوە، پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ، کەمدوو، دەم پاک و داوێن پاک و دڵسۆز، عاشق و جیددی بۆ کارەکەی، ئەگەرچی دەرچووی هیچ خوێندنێکی ئەکادیمیی تایبەتمەند و بەرز نەبووە، بەڵام سەری بەسەر ئیشەکەی خۆیدا شۆڕکردووەتەوە، دوای سااڵنێکی زۆری کارکردن، بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی گەورە، پاش ڕاپەڕینیش کە بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان، خزمەتێکی زۆری بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە. لە بواری دیزاینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بەردەوام سەرقاڵی هونەرکارییە و جێ پەنجەی بەسەر بزاڤی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنییەکانەوە دیار بووە.

* ئەو کاتەی لە بەغدا بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، دواتر دەزگای ڕۆشنبیریی و باڵوکردنەوەی کوردی فەرمانبەر بوو، کە سەردانی ئەو دوو دەزگایەم دەکرد، سەرم لێ دەدا و دەمبینی سەرقاڵی کارکردنە، ئەنکێتی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی هەڵخستووە و خەریکی دیزاین کردنیانە، ئەو سەردەمە وەک ئەمڕۆ نەبوو بەهۆی بەرنامە پێشکەوتووەکانی کۆمپیوتەر و

فۆتۆشۆپەوە بە ئاسانی ئەو کارە بکرێ، بەڵکوو دوای ئەوەی نووسینەکان تایپ و هەڵەبڕییان تەواو دەبوو، بەستوونی باریک پارەکێشران و دەخرانە سەر کاغەز، ئەو بە مەقەست دەیبڕین و بەدەست بەسەر ئەو ئەنکێتەی بەردەستی خۆی دابەشی دەکردن و بە (پێوەلکاندن- لصق) ئەو لاپەڕە، ئەنکێتانەی پڕ دەکردەوە، ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو، بە هەموو کەس نەدەکرا، ئارامی و پشوودرێژی و سەلیقە و هونەر و وردەکاری دەویست، بۆیە لەو قۆناغەی کاری پۆژنامەگەریدا، پۆژنامەنووسیی کوردی قەرزاری ئەو پیاوەیە.

* سەرەتا هەر بەڕێکەوت بەسەر کاری دیزاینِدا کەوتووە، ئەوەش کاتێک لە ساڵی ١٩٥٥ کە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووە، پۆژێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بە پۆلەکاندا گەڕاوە و باسی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی بۆ قوتابییەکان کردووە، لە پۆلەکەی ئەواندا کە داوای لێ کردوون ناوی خۆیان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار بنووسن، بێجگە لە خۆی و هاوڕێ وێنەکێشەکەی تەنیشتی و هاوپۆلێکی دیکەیان، کەسی دی ناوی خۆی نەنووسیوە، هەر لەو یەکەم هەنگاوەوە هەوڵی داوە بیرۆکەی نوێ بخاتە گەڕ و ئیشێکی نوێ بکات، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بڵاوکراوەکەی سەر دیوار بێ، کارەکەی بە جۆرێکی دی، بە ستێنسڵ و قەڵەمەکەی جێبەجێ کردووە، واتە بەشێوەی نامیلکە بووە. کە بڵاوکراوەکەیان تەواو دەکەن، سەرنجی بەڕێوەبەرەکەیان پارەکێشێ و ڕیکلامی دەرچوونەکەی بۆ (٣) پۆژنامەی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دەنێرێ بە ناوەکانی: (ئەلزەمان، ئەلرەئی، ئەلعەمەل)، کاتێک هەواڵەکە و ناوەکانیان بڵاو دەکرێتەوە، ئەوەندەی دی عیشقی کاری هونەری دەبێ و دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆی تا لە داهاتوودا لەسەر ئەو حەز و خولیایە بەردەوام بێ.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا لە گەڕەکی (گەهوەت شوکر) چووەتە بەر خوێندنی

عەبدولقادر عەلی مەردان - ئازاد عەبدولواحید

سەرەتایی و لە قوتابخانەی (ئەلتەسابیل) پۆلی یەک و دوو دەخوێنێ، باوکی پاکەتی جگەرە و شقارتەی بۆ پاسەوانی قوتابخانەکە کڕیوە تا لە قوتابخانە چاوی لێ بێت، ڕانەکات و نەگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە زۆر لە قوتابخانە و قوتابییەکان ترساوە، ئەوجا بۆ پۆلی سێ و چوار چووەتە قوتابخانەی (ئەلموستەقبەل)، دوایی لە قوتابخانەی (الرصافة الثانیة) پۆلی پێنج و شەشی تەواو کردووە. بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی کۆڵ نادات و ساڵی ١٩٦٠ بۆ خوێندن لە قۆناغی ناوەندی تێهەڵچووەتەوە، دوای تەواوکردنی ناوەندی، ساڵی ١٩٦٧ لەڕێی خوێندنی ئێوارانەوە ئامادەییش تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە زانکۆی مونتبلیەی فەڕەنسا لە کۆلێژی یاسا و زانستی ئابووری وەرگیراوە و بۆی نەچووە، دوایی کە لە موسڵ فەرمانبەر بووە، لقێکی زانکۆی موستەنسڕییە کراوەتەوە و وەرگیراوە، بەڵام لەبەر گوێزانەوەی بۆ بەغدا نەیتوانیوە بخوێنێ.

* ئەو هونەرکارە دەستڕەنگینە لەوەتەی هەیە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی خەریکی کارکردنە و ڕەنج دەدا، یەکەم جار لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا، واتە لە ساڵی ١٩٥٨ وەک کرێکار پۆژانە بە (٣٠٠) فلس لە بەڕێوەبەرایەتیی پێداویستیی پزیشکی لە بەغدا کاری کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٤ لە بەڕێوەبەرایەتیی نانەواخانەکانی بەغدا کە سەر بە (مصلحة الاعاشة

العامة) بووە کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەڕێوەبەرایەتیی (اعمار الشمال) بەناوونیشانی (کۆپیکەری نەخشەکان- ناسخ خرائط)، بە پۆژانەی (٧٠٠) فلس کاری کردووە، پاشان بۆ موتەسەڕیفیەتی لیوای (کەرکووک)ی دەنێرن و لەوێ تا ساڵی ١٩٦٩ دەمێنێتەوە، لەو شوێنەش کاری نەخشەسازی بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کردووە، هەر لێرەش فێری بەکارهێنانی قەڵەمی (ڕۆترینگ) بووە.

* لە ژیانیدا زۆر کار و ئەرکی کارگێڕی بینیوە و زۆر جێگۆڕکێی پێ کراوە، ئەرکەکانی لە بەغدا، کەرکووک، مووسڵ جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە کە لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە فەرمانبەری هەمیشەیی لە (دەزگای پۆشنبیریی کرێکاری- مؤسسة الثقافة العمالية) دەینێرنە شاری کەرکووک و مووسڵ کە لقی ئەو دەزگایە لەو دوو شارەدا هەبووە. ساڵی ١٩٧٢ بۆ وەزارەتی پۆشنبیریی و هونەر دەیگوێزنەوە، لەوێوە بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی پۆشنبیریی کوردی) تەنسیبی دەکەن. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو (بەڕێوەبەرایەتیی پۆشنبیریی کوردی) و خانەی (هاوکاری) ناوەکەی دەکرێتە: (دەزگای پۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) و عوسمان فایەق دەبێتە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکە، ئەویش یەکسەر (١٣) کارمەندی دەزگاکە دوور دەخاتەوە، کە یەکێکیان (عەبدولقادر عەلی مەردان) بووە، بەڵام زۆر نابات و دوای مانگێک دەیگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی خۆی. جارێکی دی دەیبەنە سەر میلاکی وەزارەتی ڕاگەیاندن، دواتر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە دەزگای پۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، لەو ماوەیەشدا لە پۆژنامەی (هاوکاری) و هەردوو گۆڤاری (بەیان) و (پۆشنبیری نوێ)، هەروەها دەیان کتێب و نامیلکەی کوردی دەزگاکەی بە دەستیی دیزاین کردوون، سەرەڕای ئەوەش سەرپەرشتیاری چاپەمەنییەکانی دەزگاکەش بووە.

* لە ١٩٧٣/١٢/١٩، بە تۆمەتی پێوەندی بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـەوە دەست بەسەر دەکرێ، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لە سەربازی تەسریح کراوە، (٤٣) پۆژ لە هەواڵگەریی سەربازی لە بەعقوبە تووشی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دەبێ، دواتر هەر لەو شوێنەدا بۆ ماوەی (٢) ساڵ زیندانیی دەکرێ، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا (٦) کەڕەت لە دادگای سەربازیدا دادگایی دەکەن، دوای ئەوەی دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای بەناو (شۆڕش) دەکرێ، لە دوای (٣) دانیشتن بە (٢) ساڵ زیندانی حوکم دەدرێ، لەگەڵ حسێوکردنی ماوەی (٢) ساڵی زیندان بوونەکەی، ئیدی لە ١٩٧٥/١٠/٢٠ ئازاد دەکرێ، دوای (١٢) پۆژ لە خزمەتی سەربازی، تەسریح دەکرێ، ئەوجا دەیگەڕێننەوە سەر وەزیفەکەی پێشووی و لە ١٩٧٥/١٠/٢٥ لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆشنبیریی کوردی دەستبەکار دەبێ.

* گوزەرانی خانەوادەی عەلی مەردان مام ناوەندی بووە، نە هەژار و نە دەوڵەمەند بوون، بە خێزانێکی (٥) کەسی جاجمێکی کۆنی خوری و لێفە شرەیەکیان هەبووە و لەیەک ژووردا ژیاون، بەڵام خۆیان بە هەژار نەزانیوە و قەناعەتیان بە بەشی خۆیان هەبووە، هەرچەندە باوکی قەت هانی منداڵەکانی نەداوە لە هونەر نزیک ببنەوە و توخنی کاری هونەریی بکەون، بۆ ئەوەی بخوێنن و زیاتر بە تەنگ داهاتووی خۆیانەوە بن و بەهۆی هونەرەوە وەک خۆی داماو نەبن و نەگبەتی نەیانگرێ و ژیان و پاشەڕۆژی خۆیان نەفەوتێنن، دیارە بۆ ئەو هەڵوێستەی لەخۆیەوە سەیری هونەری کردووە کە ئەو لە سایەی هونەرەوە هیچی بەهیچ نەکردووە، هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە دەبێ هەموو شتێکی ژیانتی پێ ببەخشی، بەڵام مەمرەومەژی ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر ببەی.

* عەبدولقادر عەلی مەردان لە سەرەتاوە مەیلی وێنەکێشانی هەبووە، هەندێ جار پۆرترێتی دایک و باوکی کێشاوە، ئەو دەڵێ ئێستاش (٢) لەو کارانەی لەلا ماون، ئەو مەیلە هونەرییەشی لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە لە پۆلەکەیدا یەکێک لە قوتابییەکان کە لەتەنیشتییەوە دانیشتووە مەندائی بووە و براکەی

هونەرمەندێکی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارەی عێراق بووە، ئەویش بەکاریگەری براکەی بەردەوام وێنەی کێشاوە، بۆیە کوڕەکەی عەلی مەردان لەجیاتی گۆرانی و مەقامات، خوو دەداتە وێنەکێشان و ڕۆژ دوای ڕۆژ هونەرەکەی پێش دەکەوێ، کەچی دەست لە هونەری وێنەکێشان هەڵدەگرێ، هەرچەندە دواتریش بەردەوام ئیشی پۆستەری کردووە، لەوانە ساڵی ١٩٧٠ پۆستەری (گەڵایەک و چوار کۆتر)ی کردووە وەک ئاماژەیەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی ئادار لە ماوەی (٤) ساڵدا، دواتریش لە پاش ڕاپەڕین خەریکی دروستکردنی پۆستەر بووە و بۆ هەموو بۆنەکان پۆستەری کردووە، کە ئەوەش درێژەپێدانی کاری هونەری نیگارکێشانیەتی.

* سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ بیرۆکەی نووسینی سیناریۆی فیلمی دۆکیومێنتاری لە بارەی شاری هەولێر دەداتە هاوڕێکانی، ساڵی ٢٠٠٥یش دوو فیلمی دۆکیومێنتاری بۆ (حوزنی موکریانی) و فیلمێک لە بارەی تەکنیکی چاپەمەنی منداڵان بۆ سلێمانی ئامادە دەکات.

* جگە لە کورد، عەرەبەکانیش سوودیان لە بەهرە و توانایی وەرگرتووە و دیزاینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بۆ کردوون وەک: (لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆژنامەی العراق، پۆستەری لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی الجمهوریة کردووە، اخبار الاسبوع القطریة، المؤتمر، المواطن، العمل الأسلامیة)، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش کە کاری تێدا کردوون ئەمانەن: (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ) دوای ڕاپەڕینیش تا ساڵی ٢٠١٤ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دیزاین کردووە: (خەبات، کوردستانی نوێ، بارزان، پزیشکی، (دۆغۆش)ی تورکمانی، ولات، پارێزگاران، گوڵان، شارستانیەتی، دوارۆژ، کوردستان تریبیۆن) و چەند ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی ئینگلیزی. لە بەغدا لەگەڵ بورهان قانیع و مەجید نەدیم خەریکی تایپکردنی نووسینەکانی ڕۆژنامە و دانانی وێنە و ناوونیشانەکان بە (زەنگۆغراف) بووە و وەک (جێبەجێکار - منفذ) کاریان کردووە. بێجگە لە دیزاین لە کوردستان، سەرپەرشتی دەیان کتێب و بەرگی کتێب و پۆستەر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠١٤ لێپرسراوی هونەریی گۆڤاری (هەنگ)یش بووە، کە گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد بووە.

* ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٦ کەوتووەتە کۆکردنەوە و لە چاپدانی دوو کتێبی باوکی بەناوونیشانی: (گۆرانییەکانم) بەرگی یەکەم و دووەم، بە یارمەتی مەجید نەدیم چاپی کردوون کە سەرپەرشتی کوردییەکەی بۆ کردووە. ساڵی ١٩٩٠ کتێبێکی دیکەی بە ناوی (عەلی مەردان و شیعری هەڵبژاردەی کوردی) ئامادە کردووە، ساڵی ٢٠١٢ چاوپێکەوتنەکانی باوکی (بینراو و بیستراو) لە کتێبێکدا بەناوی (بیرەوەری گەڵای پاییز) کۆکردووەتەوە و بەهاوکاری (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) چاپی کردووە، دوو کتێبی خۆیشی بەناوەکانی: (دیزاین و نەخشەسازی) و (سینەما و هونەری سینەمایی) دیسانەوە بە یارمەتی (ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی) بە چاپ گەیاندووە.

* بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و فیستیڤاڵی بەدرخان و کۆنفراسی میدیای منداڵان لە سلێمانی، هەروەها لە شاری دهۆکیش لەگەڵ (محەمەد زادە)ی دیزاینەر و جوانناوس وەک وانەبێژ بەشدار بووە، وانەی وتووەتەوە و هەوڵی گەیاندنی ئەزموون و زانیارییەکانی خۆی بەوانی دی داوە.

* لە ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا خۆی خانەنشین کردووە و ڕووی کردووەتە هەولێر، تا ساڵی ٢٠١٤ کاری زۆری کردووە و بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە ماندوو بووە تا بەشێوە و تەکنیکێکی جوان و ڕازاوە بیانخاتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، بۆیە هەقی لەسەرمانە بەسەری بکەینەوە و لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی بدوێین و بە وەچەی ئەمڕۆ و داهاتووی ئاشنا بکەین.. لەو هەڤپەیڤینە بەرفراوانەدا سەرمان بە هەموو ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند و وێستگانەدا داگرتووە، پێم خۆشە پێکەوە بیخوێنینەوە تا بزانین لە سەرەتاوە چۆنی هێناوە.

ڕامان: بەشێکی کورد کە جلی کوردی دەپۆشن، حەز دەکەن چەک لە شان و لەبەر پشتێنیان بێ.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوجا ڕەشۆڵ تا مەفرەقەکەی سیتەک دەیهێنێ، باوکم کە دەچێت بۆ سیتەک و سلێمانی، من ئەو ڕێگایەم نەدیوە، ئیتر دەکەوێتە ڕێ و دەچێت بۆ کانی سارد، لە ڕێگاکە بە دەم گۆرانییەوە دەڕوا.

ڕامان: لەگەڵ کێ دەڕوات؟ هەر خۆی بەتەنیا بووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەتەنیا هەر خۆی بووە.

ڕامان: بە ئۆتۆمبێلی کێ چووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ڕەشۆڵ خۆی دەیخاتە ناو ئۆتۆمبێلێکی نەفەراتەوە، وا بزانم پاس بووە، بە شۆفێرەکە دەڵێ لە مەفرەقەکە دایبەزێنە، من شارەزای ناوچەکە نیم، نازانم مەبەستی چ مەفرەقێک بووە، پێی دەڵێ لە مەفرەقەکە دایگرە، ئیتر ئاوا دەڕوا، شۆفێرەکە لە مەفرەقەکە دایدەگرێ، کە دادەبەزێ، باوکم بە پا دەڕوا.

ڕامان: وتت لە ڕێگاکە بە تەنیا بووە و گۆرانی وتووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، کەسێکی لێ پەیدا دەبێ پێی دەڵێ بووەستە زەلام، ئەوە لێرە چ دەکەی؟ باوکیشم دەوەستێت، دوو چەکدار بە چەکەوە لێی دێنە پێشەوە، دەڵێن بۆ کوێ دەچیت؟ تۆ کێی؟ پێیان دەڵێ من (عەلی مەردان)م. پێی دەڵێن عەلی مەردان لێرەیە؟ عەلی مەردان لێرە چی دەکات؟ ئەو چەکدارانە وای پێ دەڵێن.

ڕامان: دیارە باوەڕیان نەکردووە عەلی مەردان بێ و لەو شوێنەدا ببینرێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەوە ساڵی ١٩٥٠ دەبێ، لەگەڵ خۆیان دەیبەن، دواتر دەردەکەوێ ئەوانە پیاوەکانی خولەپیزەن، خولەپیزە دەیناسێ، ئیتر کە یەکتریان ناسیوەتەوە، پێکەوە دادەنیشن، زۆر ڕێزی لێ دەگرێ و شەویش لەلایان دەمێنێتەوە.

ڕامان: ئەو شەوەی لەلای خولەپیزە میوان بووە و ماوەتەوە، چۆنی گوزەراندووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: خولەپیزە بۆ بەیانییەکەی دەمانچەیەکی دەداتێ، دەڵێ ئەوەش دەمانچەیەکە دیاریە بۆ تۆ، ئەویش پێی دەڵێ ڕەشۆڵ سمێڵمی تاشی، گەرەکتە تۆش ڕیشم بتاشی.

ڕامان: دواجار دەمانچەکەی لێ وەرگرت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، نا، لێی وەرنەگرت.

ڕامان: ئەی بۆ تفەنگەکەی لە ڕەشۆڵ وەرگرت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە هەرحاڵ، ئەو دوو زەلامە دەیهێننە سەر ڕێگەی کانی سارد، یەکەم جار دەچێتە سیتەک، دوایی دەچێتە کانی سارد، ئەو زیاتر مەبەستی کانی سارد بووە، بەڵام بەرەو سیتەک دەڕوا، چونکە خولەپیزە پێی دەڵێ شێخ مەحموود لە سیتەکە، دەچێتە سیتەک بۆ خزمەتی شێخ مەحموود و پێی دەڵێ لە کانی سارد مولکمان هەیە، ئیتر شێخ مەحموود، شێخ لەتیف و دوو زەلامی لەگەڵ دەنێرێ، دەچن بۆ کانی سارد، پێیان دەڵێ بچن تەعقیبی مولکەکانی بکەن.

ڕامان: لەو سەردانەدا شێخ مەحمودی حەفید هیچ دیارییەکی نەداوەتە باوکت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: شێخ مەحموود بەرمالێکی سوور و خەنجەرێک و ئومزوکی جگەرە کە پێی دەڵێن (سەبیل)ی بە دیاری داوەتێ،

تەنیا وێنەی خەنجەرەکەمان ماوە، ئەوەکانی دی ئاسەواریان نەما و فەوتان.

ڕامان: شێخ لەتیفی حەفید بە ولاغ، یان بە ئۆتۆمبێل بۆ کانی ساردی بردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوەیان نازانم، ئیدی دەچنە کانی سارد و دەپرسن کێ لەو ناوە شک دەبەن لە مێژوو شارەزا بێ؟ ئەو کاتە یەکێک هەبووە بە ناوی مامە سلێمان، لەو دێیە بەتەمەنترین کەس بووە و بە باشی زانیویەتی ئەمە مولکی کێ و ئەوە مولکی کێیە؟ دەڵێ ڕاستە ئەوانە مولکی (حەمە سەید گوڵ)ن، بۆ نموونە دەڵێ کانی گوڵان، کانییەکە پێی دەڵێن کانی گوڵان، ئەوە هین ئەوانە، دۆڵی سەید گوڵ هین ئەوانە، ئەوە مولکی خۆیانە، شێخ لەتیف ئەو زانیاریانە لە مامە سلێمان وەردەگرێت و لای خۆی دەیاننووسێ.

ڕامان: بەو شایەدییە مولکەکەی خۆی وەردەگرێتەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، پەنجەمۆر بە دوو شایەد و مامە سلێمان دەکا و دەگەڕێنەوە لای شێخ مەحموود، شێخ مەحموودیش مۆرێکی لێ دەدا و بە باوکم دەڵێ مانگێکی تر بگەڕێوە بۆ ئەوەی بچیتە دائیرەی کشتوکاڵ و لەوێ تەسوییەی مولکەکە بکەی، ئیتر باوکم چوونەوەکەی پشتگوێ دەخات و ناچێت بە دەنگییەوە، خەریکی ژیانی خۆی دەبێ، وەک دەزانی کە منداڵ زۆر بوون، ژیان بەرەو سەختیی دەڕوا، ئەو دەرفەتەی نەبووە جارێکی تر بچێتەوە سلێمانی.

ڕامان: ئەو دەمانچەیەی کە دەڵێی باوکت لە خولەپیزەی وەرنەگرت و گوتوویەتی ڕەشۆڵ ویستی سمێڵم بتراشێ، تۆ دەتەوێ ڕێشم بتراشی، پرسیارم لێت کرد ئەی بۆچی

فەلەستین، ١٩٤٨، ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە: ؟، ؟، ئارتین گەرەبێت، داخل حەسەن، خزێری ئەبوو عەزیز، ؟، عەلی مەردان، ؟

ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: حسێن عەبدوڵڵا، خەلیل ڕفاعی، نازم غەزالی، ؟، ؟ .

تفەنگەکەی لە ڕەشۆڵ وەرگرت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئا، ئا، وەری گرت.

ڕامان: تفەنگەکەتان لەلا مایەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، کە گەڕایەوە لای، ئیتر جلە کوردییەکە و تفەنگەکەی دابووەوە ڕەشۆڵ، ئێستایش نامەیەکیمان لەلایە کە لە ساڵی ١٩٥٦ ئەختەری خێزانی ڕەشۆڵ شەهید دەبێ، ئەو نامەیەمان هەیە کە باوکم گلەیی لێ دەکا و پێی دەڵێ بۆچی لە دوای ئەختەر ژنت هێنایەوە؟ ئەو دەڵێ ئەو ڕۆیشت، بۆیە منیش ژنم هێنایەوە.

ڕامان: ئەوە پاساوەکەی ئەو بووە، وەفای بۆ ژنە شەهیدەکەی هەر هێندە بووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، ئا، نامەکە هەیە، هەڵم گرتووە، دەستخەتی (ڕەشۆڵ)ە.

ڕامان: لەگەڵ بارزانی نەمر پێوەندییان چۆن بووە، هیچ جارێک بینیویەتی، پێکەوە دانیشتوون و قسەیان کردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ڕەشۆڵ لە دەربەندی ڕایات کەپرێکی هەبوو وەکوو ئوتێل

بەکرێی دەدا، باوکم و (عەبدولوهاب)ی برام ڕۆیشتبوون بۆ لای، بۆ ئێوارەکەی فرەنسۆ حەریری کە بە هاتنەکەی زانیبوو، هاتبووە لای باوکم، پێی گوتبوو سبەینێ بە شوێنی دادێ تا پێکەوە بچنە دیداری بارزانی، کە دەچێتە شوێنی و دەیباتە لای بارزانی، ئەوکاتە وەفدی لەلا دەبن، وەفدی ڕۆژنامەنووسانی فەڕەنسی، لەگەڵ وەفدی پیاوە ئایینییەکانی کوردستان لەوێ دەبن، بارزانی بە فرەنسۆ حەریری دەڵێ با لە پێشەوە لەگەڵ مامۆستا عەلی مەردان دابنیشم، ئەوجا دواتر لەگەڵ دوو وەفدەکەی دی دادەنیشم.

ڕامان: ئەوە بەڵگەی ڕێز نواندنە لە هونەر و هونەرمەندێکی گەورەی وەک باوکت.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەوە نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە کە بارزانی زۆر ڕێزی لە باوکم گرتووە، لەم سالانەی دواییشدا سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان جەختی لەسەر ئەو ڕووداوە کردبووەوە و وتبووی باوکم کە لە یەکێتیی سۆفیەتی جاران بووە، کاتێک زۆر دڵتەنگ بووە و خەفەتی خواردووە گوێی لە گۆرانییەکانی عەلی مەردان گرتووە.

ڕامان: ئەم پرسیارەم بۆ تۆ، قسەی پیاوە کۆنەکانی سلێمانی بوو بۆ من، چونکە لە سلێمانی سەرم بە زۆر مالاندا دەکرد و بەردەوام خەریک بووم چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکردن، زانیاریم لێ وەردەگرتن، ئیشی مەیدانیم دەکرد، لە مووزەی ئیتنۆگرافی — فۆلکلۆری بیانوویەکمان بۆ خۆمان دروست کردبوو، وەک بەرنامەیەک کارمان لەسەر دەکرد، ئەویش «تسجیل ذکریات المعمرین والمسنین — تۆمارکردنی بیرەوەری پیر و بەسالاچووەکان»مان کردبووە بیانوو بۆ ئەو جۆرە ئیشانە، بۆیە دەپرسم باوکت لەو کاتەی چوار ئەفسەرە کوردەکە شەهید بوون، لە سلێمانی گۆرانی گوتووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، بە ڕای من نا، گۆرانی نەگوتووە.

ڕامان: بەڕای تۆ نەیوتووە.. باشە لە ناو شارەکانی کوردستان کەرکووکییەکان، سلێمانییەکان، هەولێرییەکان کامەیان زیاتر باوکتیان خۆش دەویست؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کەرکووکی زیاتر باوکمیان خۆش ویستووە، ئێستا زیاتر ئەودیو خۆشیان دەوێ، کوردستانی ئێران زۆر خۆشیان گەرەکە، لە مەهاباد تەلەڤزیۆنێک هەیە بە ناوی ناوەندی مەهاباد، لە تەممووزی ڕابوردوودا بۆ بیرەوەریی سالیادی کۆچی دوایی باوکم بەرنامەیەکیان کرد، خۆی بەرنامەکە سەعاتێکە، هاوڕێیەکەم دەڵێ کردمانە سەعات و نیوێکیش خەڵکەکە هەر پێوەندییان دەکرد و داوای گۆرانی ئەویان دەکرد.

ڕامان: ئەم بیروڕایەم پێ سەیرە، باوکت ئێستا لەودیو پتر خۆشیان بوێ و گوێ لە گۆرانییەکانی بگرن، ئەی لێرە، لە باشوور بۆ زۆر گوێ لە هونەرەکەی ناگرن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئێستایش ئەو بەرنامەیەی شەوچرا هەیە، ماوەیەک گوێم لێ دەگرت، ئێستا نازانم کاتی بڵاوکردنەوەکەی کەیە، چونکە کاتەکەی گۆڕاوە، لە بەرنامەکەدا مەقامەکان شی دەکەنەوە، نازانم بۆچی لە کوردستان، لەلای خۆمان ئەو جۆرە کارانە ناکەن؟ ئێستا لە کوردستان بە داخەوە نە ڕۆژنامەنووس، نە دەستەبژێرە کۆنەکان نەماون، زۆر کەم هونەرمەند ماون، هونەرمەندمان هەیە نازانێ مەقامێک بە ئامێرێک بژەنێ، هەر بە ژەنین نازانێ بیژەنێ.

ڕامان: ئێستا لەشکرێک ڕۆژنامەنووسمان هەیە، بە هەزاران ڕۆژنامەنووس هەن، بەڵام دەپرسین: ئایا ئەمانە هەموویان ڕۆژنامەنووسن؟ ئەمەش پرسیارە. گۆرانیبێژی کوردیش پێش هەموو شتێک دەبێ لە مەقامات و ئوسوواڵی مەقامات شارەزا بێت، ئەوجا ببێتە گۆرانیبێژ.

عەبدولقادر عەلی مەردان: چونکە ئەوە بەردی بناغەی گۆرانی گوتنە، پەیژەی سەرکەوتنی هونەرەکەیە.

ڕامان: ئەوانەی ئێستا ناویان لە خۆیان ناوە گۆرانیبێژ، بەشی هەرە زۆریان بەلایانەوە گرنگ نییە ڕەسەنایەتی لە گۆرانییەکەیاندا هەبێت، یان نەبێت، گوێگرەکانی باشن، یان خراپن، ژمارەیان زۆرە، یان کەمە، ئەو شتانەیان زۆر بەلاوە گرنگ نییە. لەم ماوەی پێشوودا بە ڕێکەوت لە تەلەڤزیۆنێک بەرنامەیەکم بینی، لە بەرنامەکەدا وێنەیەکی مامۆستا (عەلی مەردان)یان بردبوو لە یەکێک لە پەیمانگاکان پێشانی قوتابییەکانیان دەدا، پێیان دەگوتن ئەوە کێیە؟ باوەڕت هەبێت نەیاندەزانی کێیە، یەکێک دەیگوت (ناسری ڕەزازی)یە، یەکێک دەیگوت نازانم کێیە، کارەساتە نەوەی ئەمڕۆ عەلی مەردان، وەک یەکێک لە ستوون و ڕەمزەکانی هونەری کوردی نەناسێت.

**مەقام بەردی بناغەی گۆرانی گوتنە، پەیژەی سەرکەوتنی هونەرەکەیە.. کە دەشڵێم باوکم هونەرمەند بوو، ئەو بەڕاستی هونەرمەند بوو.**

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەو بۆنەیەوە بیرم کەوتەوە، لەم ماوەیەدا ئامێرێکی بچکۆلانەم سەند، نەختێک «سی دی» و بەرنامەی کۆنم هەیە، بە ڕێکەوت «سی دی»یەکم لەسەر دانا، دیم چاوپێکەوتنێکی منە لەگەڵ ئەنوەر قەرەداغی کە لەگەڵیم کردبوو، بەرنامەیەکی کۆن بوو، بۆ ساڵانی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە، ئەنوەر قەرەداغی قسە دەکات.

ڕامان: لەو «سی دی»یەدا ئەنوەر قەرەداغی باسی چی کردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: باسی پێوەندییان لەگەڵ عەلی مەردان و ئامێرژەنەکان و شتی وا دەکات، باسی سەرەتای حەفتاکان و ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازار دەکات و دەڵێ ئێمە دوو سێ جار نەختێک گرفتمان لەگەڵی هەبوو، ئەنوەر قەرەداغی بە دەمی خۆی ئەمە دەڵێ، ئەگەر حەزت کرد بۆتی دەهێنم و گوێی لێ بگرە، دەڵێ ئێمە لە مەقام و داڕشتنی مەقام تێ نەدەگەیشتین، بۆیە نەختێک بەینمان لەگەڵ یەکتر سارد بوو، ئەو بە دەمی خۆی ئاوا ددانی پێدا دەنێ.

ڕامان: ئەگەر وایە دەبوو زیاتر لێی نزیک ببنەوە تا پتر لێیەوە فێر بن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی لە ئاهەنگەکاندا ئیشی لەگەڵ باوکم کردووە، لە ئامێرژەنین بۆ بەستە و شتی وا هاوکاری کردووە و کێشەیان نەبووە، بەڵام لە ژەنینی ئامێر بۆ مەقام و ڕۆیشتنیان بەدوای مەقام لاواز بوون.

ڕامان: ئەوە بۆیە دەڵێ نەختێک لە یەکتر دوور کەوتبوونەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: لەو دواییە لە کەرکووک یادێکی باوکمیان کردەوە، دیسانەوە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی هەمان قسەکانی پێشتری خۆی دووپات کردەوە.

ڕامان: بە حوکمی ئەوەی ئێستا تەکنۆلۆژیا و ئەو مۆبایل و ئامێرە پێشکەوتووانە هەن، دنیاکە

بووەتـە دێیەکـی بچکۆلـە، ئـەو دێیـە دنیایەکـی گـەورەی فراوانـە کـە هەموو شتێکی لـێ دەکەوێتەوە، هەمـوو شـتێکی لـێ چـاوەڕێ دەکـرێ.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: لەبـەر ئەوەیـە نـە هونـەر وەک خـۆی دەمێنـێ، نـە سیاسـەت وەک خـۆی دەمێنـێ، جـاران زەلامێـک حوکمـی عێراقـی دەکـرد، وتەیەکـی هەیـە دەیـوت: «هـەر وڵاتێـک هونەرمەنـدی گـەورەی تێـدا نەبـێ، سیاسـەتمەداری گەورەشـی تێـدا نابـێ».

ڕامـان: ئـەوە قسـەیەکی زۆر ڕاسـتە، قسـەکە هـی (ئەدۆنیس)ـــەە، نـەک سـەرۆکی پێشـووتری عێـراق. وڵاتێـک هونەرمەنـدی گـەورەی نەبێـت، سیاسـەتمداری گەورەیشـی تێـدا هەڵناکەوێـت، بـە مەرجێـک هونەرمەنـدە گەورەکـە بـۆ مـەرام و ئامانجـە سیاسـییە چەپـەڵ و ڕۆژانەییـەکان بـەکار نەهێنـرێ.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بـەڵام ئـەوە وتەیەکی زۆر جوانـە، نازانـم ئـەو کەسـەی ئـەوەی وتـووە کێیـە و کـێ نییـە، پێوەندیـم بـەوەوە نییـە، بـەڵام ئـەم وتەیـە جوانـە.

ڕامـان: باوکـت لـە سـاڵی ١٩٤٨ چووەتـە فەلەسـتین، ئەمەیـان چۆن بووە، کـێ ناردوویەتی؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئەمـە وێسـتگەیەکی تـرە لـە وێسـتگەکانی ژیانـی باوکـم، لـە تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٨ کـە شـەڕی فەلەسـتین و ئیسـرائیل قەومـا، لـە هونەرمەنـدە مەقامبێـژە گەورەکانـی عێـراق کەسـیان نەڕۆیشـتن بـۆ ئـەوێ، حکوومەتـی عێـراق باوکمـی لەگـەڵ حزێـری ئەبـوو عەزیـز و داخـل حەسـەن، ئـەو سـێ هونەرمەنـدەی هەڵبژاردبـوو بـۆ ئـەوەی لـەوێ ئاهەنـگ بگێـڕن، لـە سـەردانێکیدا بـۆ قـودس، لـە ٢٨ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٤٨ بڕوانامـەی سـەردانی (قـودس)ی پێـڕۆزی وەرگرتـووە و بووەتـە حاجـی.

بەغدا، سالانی حەفتاکان، یانەی ڕاگەیاندن، شەقامی ئەبوو نەواس، مونیر بەشیر و عەلی مەردان.

ڕامـان: بـە کـوردی، یـان بـە عەرەبـی گۆرانـی بـۆ وتبـوون؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: باوکـم بـە کـوردی لـەوێ گۆرانـی بـۆ سـەربازە کـوردەکان گوتـووە، چونکـە یـەک لیـوای تایبەتـی هەموو سـەربازەکانی کـورد بـوون، لەوانـە عەبدولڕەحمـان موفتیـزادەی شـاعیریش لـەوێ بـووە، وێنەکـی سـاڵی ١٩٥٤ی هەیـە کـە لـە ماڵی خۆیان لـە بەغدا هەڵیواسـیبوو.

ڕامـان: عەبدولڕەحمـان موفتـی «شـێرۆ» ماڵـی لـە بەغدابـوو، بـە پلـەی لیـوا خانەنشـین بـوو، بـرازای بێخـودی شـاعیریش بـوو، لـە بەغـدا چوومەتـە ماڵـی، کاسـێتی چلـەی ماتەمینـی بێخودی مامیشـی بـۆ لـێ دام، کـە لەسـەر بەکـرە تۆمـار کرابـوو، سـاڵی ١٩٥٥ کۆمەڵێـک شـاعیر و نووسـەر شـیعر و وتـار دەخوێننـەوە، بـە جوانـی گوێـم لـێ گـرت.. جارێـک باوکـت چووەتـە قاهیرە، تـۆ بـەوەت زانیـوە، زانیاریـت لـە بـارەی ئـەو سـەفەرەیەوە هەیـە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: ئـەوە سـاڵی ١٩٣٢ بـوو، کۆمەڵێـک هونەرمەنـد بـوون، چوونەتـە قاهیـرە، لـە هەولێریـش کۆڕێکـی هەولێـری هەیـە نـاوی جـەلال خـدرە وتـی حەیـدەرە کەچـەڵ

دانرابـوو بـڕوا، بـەڵام موفتییەکـەی هەولێـر نەیهێشـتووە لەگەڵیـان بچـێ، چونکـە پێـی وتـووە تـۆ بـڕۆی کـێ لـە مزگەوتەکە بانگ دەدا؟ ئیتـر باوکـم لەگـەڵ گوبانچـی دەڕوات، تیپەکـەی لەگەڵیـان چـووە هەموویـان جوولەکـە بـوون، چواریان جوولەکە بـوون، ئـەو حسێن عەبدوڵڵایە کـە وتـم ئیقاعـی لـێ داوە، یەکێـک لـە ئەندامانـی تیپەکـە بـووە.

ڕامـان: ئەندامانـی ئـەو تیپـەی لەگەڵیـان ڕۆیشـتوون، هـەر ئـەو تیپـە بـووە کـە پێشـتر نـاوت بـردن؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بەڵـێ، ئـەوان بـۆ قاهیـرە دەچـن، لـە قاهیـرە کـە ئاهەنگی گۆرانی و مەقـام سـاز دەکـرێ، باوکـم دەڵـێ مـن بـە کـوردی گۆرانـی دەڵێـم. پێـی دەڵێـن ئـەوە «یەکەمیـن کۆنگـرەی مۆسـیقای عەرەبییـە، چـۆن شـتی وا دەبـێ؟ شـتی وا نابـێ، نابـێ تـۆ بـە کـوردی گۆرانـی بڵێـی، دەبـێ بـە عەرەبـی گۆرانـی بڵێـی. ئەویـش دەڵـێ مـن بـە عەرەبـی گۆرانـی نالێـم»، ئیتـر دوور دەخرێتـەوە، ئـەوە لـە کۆنگرەکـە ڕووی داوە.

ڕامـان: دوای ڕێگەگرتـن لێـی کـە نەیانهێشـتووە لـەو کۆنگرەیـەدا بـە کـوردی گۆرانـی بڵـێ، ئیـدی یەکسـەر دەگەڕێتـەوە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: نـا، یەکسـەر نایەتـەوە، ئـەو لـە قاهیرە قـەوان تۆمـار دەکا، دوو بەسـتە تۆمـار دەکا، ڕوویەکـی قەوانێـک گۆرانـی «چـاو جوانـەی ڕوومـەت پانـە، ماچێکمـان دەڕێ جەژنانـە»، ئـەوە شـیعری خۆیەتـی، شـیعرەکەی تـری کـە تۆمـاری کـردووە، مـن پێـش ماوەیـەک لـە کتێبەکـەی (هەڵبـژاردەی شـیعری کـوردی) ورد دەبوومـەوە، بـە ڕێکـەوت کتێبەکـەی مێـژووی ئەدەبـی کـوردی (عەلائەددیـن سـەجادی)م دی، لاپەڕەکانـم هەڵدەدایـەوە و دەگـەڕام، شـیعرێکی زێـوەرم بەرچـاو کـەوت، «تکانـی ئابـڕووی چەمـەن بـەڕووی ئابـدارەوە، شـکانی نرخـی نەسـتەڕەن بەزوڵفـی موشـکبارەوە»، باوکـم ئـەو بەسـتەیەی لـە قاهیـرە وتـووە و سـاڵی ١٩٣٢ تۆمـاری کردووە.

ڕامـان: خـۆت وەک گوێگرێـک چـۆن هونەرەکـەی باوکت هەڵدەسـەنگێنی؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: کـە دەڵێـم باوکـم هونەرمەنـد بـوو، ئـەو بەڕاسـتی هونەرمەنـد بـوو، تـۆ ئـەو هەمـوو شـیعرانە بخەیتـە نـاو مێشـکت و ئەزبەریـان بکـەی گرنگـە، ناکـرێ تـۆ دەفتەرێکـی گـەورە لەگـەڵ خـۆت هەڵگـری کـە هەمووی شـیعرە تـا بچـی لـە کاتـی بەسـتە وتـن سـەیری بکـەی و بیڵێـی، ئـەو سـەلیقەی هەبـووە و هەمـووی لەبـەر کـردووە، مـن ئـەوەم پـێ گرنگـە.

ڕامـان: بیرتیـژی بـۆ هەمـوو کەسـەکان و لـە هەمـوو بوارەکانـدا زۆر گرنـگ و پێویسـتە.

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بێگومـان، بـەڵام ئـەو چ بەهرەیەکـی هەبـووە، کـەوا ئـەو کاتـەی گۆرانـی وتـووە ئـەو شـیعرەی بەبیـر هاتووەتـەوە.

ڕامـان: ئەمـە کـێ لەسـەر قـەوان بـۆی تۆمـار کـردووە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: لـە میسـر بۆیـان تۆمـار کـردووە.

ڕامـان: ئاخـر دەزانـم، ئەگـەر کۆمپانیـا بـووە، چ کۆمپانیایـەک بـووە، نـاوی چ بـووە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: کۆمپانیـای سـۆد وەی.

ڕامـان: بەرانبـەر بـە پـارە بۆیانـی تۆمـار کـردووە؟

عەبدولقـادر عەلـی مـەردان: بێگومـان، بـە پـارە کردوویەتـی، بـەڵام بـۆ نـاوی قەوانەکـە، ناوێکـی عەرەبییـان خسـتووەتە بانـی.

ڕامان: نازانی چەند پارەیان داوەتێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا، بەڵام لەسەر قەوانەکە ناوێکی عەرەبییان بەناوی مووسا حیلمی کە هونەرمەندێکی عەرەبە دانابوو، ناوی باوکم لەسەر پارچە کاغەزێکی بچکۆلانە، وەک پووڵ وا بوو کە دەوروپشتەکەی وەک پووڵ گرنج گرنجە، بە کەتیرە پێیەوە لکێنرابوو، دوایی وەرەقەکە کەوت، چونکە وەک دەزانی قەوانەکە لە ١٩٣٢ـەوە تاکوو ئێستا هەڵبگیرێت، ماوەیەکی زۆرە.

ڕامان: سااڵنێکی زۆرە قەوانەکە هەیە، چاکە ماویشە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵام قەوانەکە ماوە و هەیە.

ڕامان: ئەوجا گۆرانییەکە لە قاهیرە پەخش کرابوو و خەڵکی عەرەب گوێیان لێ گرتبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بەڵێ، عەرەب گوێیان لێ گرتبوو، بەڵام بە زمانی کوردی و لە قاهیرە گۆرانی بڵێی، زۆر زەحمەت بوو، لەوێ (ئەحمەد شەوقی)ی شاعیر کە کۆشکێکی بەناوی (کرمة ابن هاني) هەبوو، لە ناوچەی (الجيزة) دەعوەتی کردبوو، (محەمەد عەبدولوەهاب)یش دەعوەتی کردبوو.

ڕامان: لە دانیشتن و دەعوەتەکەی محەمەد عەبدولوەهاب گۆرانی وتبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، محەمەد عەبدولوەهاب بە عەرەبی گۆرانییەک بە باوکم دەڵێ، پێی دەڵێ گەرەکمە تۆماری بکەم، «الليل لما خلي»، یانی کە شەو دادێ، لیل، شەوە، لما خلي، بە لەهجەی میسری، واتە «کە شەو دادێ»، ئەوە گۆرانییەکەی (محەمەد عەبدولوەهاب)ـە، کۆنە، مۆسیقاکەشی کۆنە.

ڕامان: دیارە (محەمەد عەبدلوەهاب)یش بۆ گۆنگرەکە بانگ کراوە و ئامادە بووە و لەوێ بۆ یەکەم جار باوکتی بینیوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لەوێ لەگەڵ باوکم پێکەوە دانیشتبوون، ئەو لە لایەکی تری هۆڵەکەیە کە لە وێنەکەدا دیارە. شاعیرێک هەیە عەبدولموحسین ئەلکازمی، لە قاهیرە باوکم دەعوەت دەکا، باوکم دەیگوت لە ماڵ یەک کچی هەبوو، ئیتر ئەوە چوونە میسرەکەی بووە و دەگەڕێتەوە.

**باوکم دەیگوت لە فەلەستین شەوانە نازم غەزالی دەهاتە چادرەکەمانەوە و لێمی دەپرسی فلان مەقام چۆن دەوترێت، ئەو مەقامە چۆن ئەدا دەکەی، کە دوو - سێ جار پێیم دەوت زوو وەری دەگرت.**

ڕامان: ئەو گۆرانیانەی تۆماری کردن، لە ئێزگە پەخش کران؟ گۆرانییەکانی باوکت لە کوێ بۆ کوردەکان پەخش کران؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە داخەوە ئەو گۆرانیانەمان نییە.

ڕامان: ئاخر ئێزگەیەکیان بە ناوی (الشرق الأدنى) لە ئوردون دانابوو، ئێزگەیەکیش لە قاهیرە هەبوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، ئەوەی لە ئێزگەکەی کاتی جەمال عەبدولناسر پەخش کراوە، ئەوە هی ئێزگەکەی پێش پەنجاکان بووە.

ڕامان: ئەو سااڵەی باوکتیان لەگەڵ حزێری ئەبوو عەزیز و داخل حەسەن ناردە، بۆ کوێیان ناردن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوەیان ساڵی ١٩٤٨ـە، بۆ فەلەستین بوو.

ڕامان: من مەبەستم ئەوەیانە، گۆرانییەکانیان لە کوێ گوت؟ لەناو جەماوەر گوتیان، یان

تۆماریان کردن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئاهەنگیان بۆ سەربازە کوردەکان ساز کرد.

ڕامان: ئاهەنگی ڕاستەوخۆی بۆ سەربازە کوردەکان ساز کردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ڕاستەوخۆ بوو، خۆی تیپی موزیکی تایبەتی هەبوو، ئەو تیپە لەگەڵ ئەو ڕۆیشتبوون.

ڕامان: ئەو تیپە تایبەت بوو بە خۆی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ.

ڕامان: بۆ هونەرمەندی دیکەش موزیکیان ژەنیوە، یان هەر تەنیا بۆ ئەو بووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، بە تەنیا هەر بۆ ئەو بووە، کۆمەڵێک ژەنیار بوون.

ڕامان: وەک بزانی باوکت هیچ هەوڵێکی نەداوە کتێبێک، لێکۆڵینەوەیەک، وتارێک لە بارەی مەقاماتەوە دابنێ، یان ڕەشنووسی کارێکی وای بەجێ نەهێشتووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەوڵی وای نییە، لەم ڕووەوە هیچی بەجێ نەهێشتووە، بەڵام لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی کتێبی (دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی)ی مەحمود زامداریان بۆی نارد تا وەک شارەزا و پسپۆڕێک لە مەقام، ڕەشنووسی کتێبەکە هەڵسەنگێنێ و بیرووڕای خۆی لە بارەوە بنووسێ، چونکە باسی (مەقام) بەشێکی ناو کتێبەکە بوو.

ڕامان: ئەو ئامێزژەنانەی تیپەکە مووچەکەیان لەسەر ئێزگەی بەغدا بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بۆ سەفەری قاهیرە، کە سەفەریان کردبوو، حکوومەتی عێراق شتێکی پێیان دابوو، مەعین بۆ هەر یەکەیان دە دینار بوو، لەبیرمە پێنج دیناری لە مااڵ جێ هێشت و پێنج دیناری لەگەڵ خۆی برد.

ڕامان: ئەو بڕە پارەیە بەشی چی دەکات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئاخر پێیان وتبوو ئێمە بە ڕێی سەفارەتی عێراق پارەتان بۆ دەنێرین، لە ئوردن، یان لە لبنان، یان لە دیمەشق لە سەفارەتی عێراقی وەری دەگرن، ئەوکاتە زەحمەت بوو حکوومەتی عێراق ئەو پارەیە بنێرێ، کاتی شەڕ بوو.

ڕامان: ئەی باشە ئەوانە چۆن خەرجی ڕۆژانەیان بە دەستخەت خستووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: باوکم چووە لە ئێزگەی بەیرووت ئاهەنگی کردووە، کە پارەی وەرگرتووە لە خۆی و لە تیپەکەی سەرف کردووە، بۆ نموونە لە سووریا ئاهەنگی کردووە، هەر لە ئێزگەی دیمەشق، لە ئوردون ئێزگەی شەرقولئەدنا هەبوو، ڕەفیق چالاک، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، ڕەمزی قەزاز، گۆران، ئەوانە لەوێ ئیشیان کردووە، ئەلەوێش گۆرانی تۆمار کردووە، بەرانبەر بەوە پارەی وەرگرتووە و سەرفی کردووە، ئەو شتانە هەبوون، ئیتر ئەوەی فەلەستین لەناو چادر لەگەڵ سەربازەکان دەخەوتن، ئەوە بوو لەوێ عەبدولڕەحمان موفتیزادەی شاعیر (شێرۆ)ی بینیوە.

ڕامان: شاعیرەکە بە عەبدولڕەحمان موفتی ناسرابوو، ئەوانە لە سلێمانی بە بنەماڵەی موفتی چاومار بەناوبانگن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: باوکم وەک هاوڕێ لەگەڵیان ڕۆیشتبوو، هاوڕێکانی نازم غەزالی، گۆرانیبێژە بەناوبانگەکەی عەرەب، لەگەڵ (خەلیل ئەلڕیفاعی)ی هونەرمەند پێکەوە وێنەیان هەیە، وێنەی بچکۆلانە، لە فەلەستین وێنەی لەگەڵ نازم غەزالی هەیە. باوکم دەیگوت

شەوانە نازم غەزالی دەهاتە چادرەکەمانەوە و لێمی دەپرسی، فلان مەقام چۆن دەوترێت، ئەو مەقامە چۆن ئەدا دەکەی؟ دەڵێ کە دوو سێ جار پێیم دەوت، زوو وەری دەگرت.

ڕامان: مامۆستا (محەمەد گوبانچی)ش وەسفی باوکتی کردووە، گوتوویەتی کە مامۆستای منە لە مەقامات.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، لە دوای ڕاپەڕین لە یەکەم، یان دووەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات، لە دوا لاپەڕەیدا ئەنوەر قەرەداغی باسی ئەوەی کردووە و لەوێ وتوویەتی جارێک ئێمە لە سلێمانی دانیشتبووین، لە جێگایەک، چایخانەیەک، ستۆدیۆی وێنەگرتنێک بووە، دەڵێ یەکێک هات زانیمان ئەوە گوبانچییە، لێیمان پرسی وتی بەڵێ خۆمم.

ڕامان: ئەو قسەیەم لە هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکار بیستووە، ئەوان دەڵێن لە چایخانەیەکی سلێمانی دانیشتبووین، لە پڕ یەکێک هات دانیشت، ئەو کەسە زۆر لە گوبانچی دەچوو، کە چووینە لای و لێمان پرسی و دواتر زانیمان گوبانچییە، لەگەڵی ڕێکەوتین کە ئاهەنگێکی بۆ ساز بکەین.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، ئێتر دەڵێ لە دانیشتنەکەدا سەبارەت بە باوکم وتوویەتی، «اعتبره استاذا للمقامات العراقية»، دەڵێ لە هەموو عێراقدا کەس نییە لە ئەدا حەقی مەقام بدات لە عەلی مەردان زیاتر، (عادل ئەلهاشمی)یش لە کتێبی (گۆرانی و ئاوازی کوردی)دا باسی کردووە.

ڕامان: خۆیشی مەقام وتن هەر ئەدایە، لە مەقام وتندا هەر کەس لە ئەدا کردن شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، واتە هەر کەس ڕوحییەتی خۆی دەداتێ.. تۆ ئەوەندەی کە لە دایکت بیستبێت، یان سەرنجت دابێ و هەستت پێ کردبێت، پەروەردەکردنی باوکت بۆ منداڵەکانی چۆن بوو؟ بەپێی پێویست بایەخی پێتان داوە، یان هەموو ئەرکەکانی بە دایکت سپاردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: با شتێکت بۆ باس بکەم، ڕۆژێک جێژنە بوو، ئەوە ساڵی ١٩٥٤، هاوسێیەکمان هەبوو، هاوڕێم بوو، کە جێژن بوو و منداڵ بووین، منداڵەکان وتیان با بچین بۆ سینەما، تازە ماڵمان چوو بووە تەل محەمەد، پێکەوە ڕۆیشتینە سینەما، سەعات ٨ بوو کە بۆ ماڵ گەڕامەوە، باوکم لە ڕاڕەوەکە وەستابوو.

ڕامان: هەر بە ڕێکەوت لەوێ وەستابوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، وتی ئەوە لە کوێ بووی؟ وتم لەگەڵ کوڕەکانی ئەو هاوسێیەمان بووم. باوکی ئەو هاوڕێیانەم کاتی خۆی، لە کۆندا لە سلکی سەربازی ئەفسەر بووە، لەگەڵ عەبدولڕەحمان موفتی لە فەلەستین بوون، لە دەوڵەتی عوسمانی ئەفسەر بووە، خەڵکی سلێمانییە، محەمەد ئەحمەد زەلام، لە هەمەوەندەکان بوو، ژنەکەی لە شاڵییەکانی سلێمانییە، وتم لەگەڵ فەیسەڵ و غازی کوڕەکانی ئەو هاوسێیەمان چووبووین بۆ سینەما، سەعات ٨ی شەوی هاوین بوو، وتی جارێکی تر ئەگەر ئەم کاتانە بگەڕێیتەوە ماڵ، من دەزانم چۆن مامەڵەت لەگەڵ دەکەم، ئێتر لەو ڕۆژەوە تاکوو ئێستا بەو دۆخەمەوە کە نەخۆشم و تەواو نیم، خوا شاهێدە قەت تا سەعات نۆی شەو دوانەکەوتووم.

ڕامان: ئەوە هەر تۆ، یان هەموو برایەکانیشت وا بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، شکور هەموویان وا بوون.

ڕامان: گۆڤتان لە قسەکانی باوکت دەگرت؟ ئەی چی بە خوشکەکانت دەگوت، ئامۆژگاری بۆ ئەوان چی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەمان مامەڵەی ئێمەی لەگەڵدا دەکردن ، خوشکەکانم زیاتر ئیلتیزامیان بە کاروباری ماڵەوە هەبوو، یەکێکیان قوتابی بوو، ئەوەی تریان ماوەیەک تەلەبە بوو، ئیتر لە ماڵەوە دانیشت و لە ئیشکردن یارمەتی دایکمی دەدا، دووانی بچکۆلانەی ترمان هەبوو، ئەوانیش لە مەکتەب بوون، ئیتر دەزانی پەروەردەکردن زەحمەتە، تۆ گەرەکتە نەوەیەک پەروەردە بکەی، کارێکی ئاسان نییە، ئەو نەوەیەی کە ئێستا پەروەردە دەکرێ، نازانم بڵێم چ نەوەیەکە، شوکر زۆر چاو کراوەن، منداڵ تەمەنی سااڵێکە، یان زیاتر خەریکی مۆبایلە، پەروەردەی منداڵ زەحمەت بووە.

ڕامان: ئاخر من بۆیە ئەو پرسیارەم لێت کرد، چونکە گوتت باوکم زۆر کەم لە منداڵ دەبینرا، من کە چوومەتە قوتابخانە ئەو خەوتووە، ئێوارە ڕۆیشتووە تا دەرنگی شەو نەهاتووەتەوە و من نەمدیوە، بۆیە مەبەستمە بزانم چەند پێوەندیی لەگەڵ ئێوە هەبووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو کاتانەی کە وا یەکتریمان دەدی، زیاتر لە ڕۆژانی پێنجشەممان و جومعان بوو، جەختی لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ خەڵک بە زمانی خۆش قسە بکەین، دەیگوت زمانتان شیرین بێ، زەرەر بە ئەملاوئەولا مەگەیەنن، ڕێزی خەڵکی بگرن، ئەو میوانەی دەهاتە ماڵمان، ئێمە بە چاو دەماندی، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ، دەماندی چ ڕێزێکی لێ دەگرت، ئەوە پارچەیەک لەو پەروەردەیەی ئێمە بوو.

ڕامان: من باوکتم لە نزیکەوە دەناسی، پیاوێکی تا بڵێی هێمن و لەسەرخۆ بوو، باوەڕ ناکەم لە ژیانیدا تووڕە بووبێ، یان لەوانەیە تووڕەبوونی زۆر کەم بووبێ، پیاوێک بوو بە دەردی عەرەب دەڵێن موسالیم و بێوەی بوو، تۆ وەکوو ئینسانێک باری سەرنجت بەرانبەری چ بوو، ئایا باوکت هیچ لێتان تووڕە بووە؟ یان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەنگی بەسەر دایکتدا بەرز کردووەتەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵاڵا، لەوانەیە لە سەرەتاوە وەک هەر ژن و مێردێک گیروگرفت لەنێوانیان هەبووبێ، لەبەر مەسرەف، یان لەبەر ژیان نەختێک دەمەقاڵەیان بووبێ، بەاڵم نەگەیشتووەتە ئەوەی دەنگ بەرز بکاتەوە، یان جوێن بدا و تووڕە ببێ.

ڕامان: ئەوە ڕووی نەداوە، چونکە من وام دیوە، پیاوێکی زۆر سەنگین و هێور بوو، کەم دوو بوو، زۆر کەم قسەی دەکرد.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، کەسێکی هەمیشە دەم بە خەندە بوو.

ڕامان: دەزانم، مەبەستم خەندەی سەرلێو نییە، مەبەستم لە قسەکردنە، باوکت پیاوێک بووە وەکوو هەندێک کەس زۆر حەزی لە قسە نەدەکرد.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ڕاستە، لە منداڵ کەسێکی لەسەرخۆ بوو، هەندێک جار لە ڕەمەزاناندا خۆی دەشووشت و دەستنوێژی دەگرت و قورئانی دەخوێند، بەاڵم نەمدیوە نوێژ بکات، بیستوومە و دیومە قورئانی دەخوێند، بێگومان ئەوە بەشێک لە پەروەردەکردنە، تۆ کە باوکت دەبینی قورئان دەخوێنێ، تۆش جۆرە ئیلتیزامێکت لەلا دروست دەبێ، من ئەوەم لێ دیوە.

ڕامان: ئینتیمای سیاسی و پێوەندیی بە حزبە

سیاسییەکانەوە هەبووە، یان نا؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: سالانی شەستەکان کاتی شۆڕشی ئەیلوول، پادیۆیەکی بچکۆلانەمان هەبوو، مالمان لە تەل محەمەد بوو، مالەکە دوو ژوور و هەیوانێک بوو، یەکەم ژوور لەسەر جادەکە، دووەمین ژوور لەسەر حەوشەکە بوو، دەچووە بنەبانی ژوورەکەی سەر حەوشە، پشتەوەی ژوورەکە، نزیک دیوارەکە پادیۆی دەخستە سەر دەنگی کوردستانی عێراق، ئەوەی هانی هانی لەسەر بوو، دەیخستە سەر ئەوێ و بە بێدەنگی چوارمەشقی دادەنیشت، سەری دەخستە سەر، یان نزیک پادیۆکە دەبوو بۆ گوێگرتن لە هەواڵەکان، نەک ئەمنێک، کەسێک بێ و کەرەتێک ببیستێ و تووشی گرفتێک ببین.

ڕامان: هەر تەنیا خۆی گوێی لە دەنگی کوردستانی عێراق دەگرت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، دوو برادەری هەبوو دەهاتن بۆ لای، مەلا مەجید، باوکی نیزامەددین گلی، لەگەڵ ئەحمەد شاناز دەهاتن، ئەوانیش فەقیرانە بە بێدەنگی و چوارمەشقی دادەنیشتن، گوێیان دەدایە هەواڵەکانی پێشمەرگە.

ڕامان: ئەحمەد شاناز ئەویش کەرکووکی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، بەرزنجی بوو، مالی لە بەغدا بوو.

ڕامان: لە بەغدا پێکەوە گوێیان لە هەواڵەکانی شۆڕش دەگرت تا بزانن چالاکیی پێشمەرگە چییە، دڵی خۆش بوو کە پێشمەرگە لە شاخن و چالاکییان هەیە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ، یەکێک لە ئێزگەی پێشمەرگە، دەنگی کوردستانی عێراق ئیشی دەکرد، چالاکیی پێشمەرگە لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق پێشکەش دەکرا، ئەوجا کاتی وتووێژەکەی سەردەمی عەبدولڕەحمان بەزاز، ئەندامانی وەفدەکە هاتن بۆ بەغدا، باوکم سروودی نیشتمانی هەبوو، «من فەدای ئەم خاکە جوانەی وەتەنم، ئەڵاهوئەکبەر هەموو گشتمان ئەڵێین یا کوردستان»، سروود بوو، سروودێکی زۆر جوان بوو، ئەوەی تۆمار کرد و دای پێیان، کە گەڕانەوە ماوەیەک ئێزگەی دەنگی کوردستان ئەوەیان لێ دەدا.

ڕامان: نازانی کێ بوو سروودەکەی بۆیان برد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئێستا لە ناوی ئەو کەسە دڵنیا نیم کە کێ بوو.

ڕامان: ئەو کەسە لە سیاسییەکان، یان لە نووسەر و ڕاگەیاندنکارەکان بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نا، نا، کەسێکی ڕاگەیاندنکار بوو، لەگەڵ ئەو وەفدە بۆ لای عەبدولڕەحمان بەزاز هاتبوونە بەغدا.

ڕامان: چیتر لە بارەی باوکتەوە هەیە باسی بکەی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: باوکم جوان ئێمەی پەروەردە کرد، تاکوو ئێستا کە دەڕۆینە ڕێوە ئەگەر مێروولەیەک لە جادەکە ببینین، دادەبەزین بۆ ئەوەی پامان نەخەینە بان مێروولەکە.

ڕامان: ئەو قسەیەت ڕاستە، من شایەتی ئەوەتان بۆ دەدەم، بەتایبەتی لە ڕێی تۆوە کە لەمێژە دەتناسم.

عەبدولقادر عەلی مەردان: زۆر سپاس، سەلامەت بی.

ڕامان: لە بارەی باوکتەوە دەمەوێت چی باری سەنجێک، یان ڕەخنەیەکت لەبارەوە هەیە بیلێی.. باشە باوکت پێوەندیی لەگەڵ تاقە خوشکەکەی چۆن بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەر تاقە خوشکێکی

هەبوو، خوشکەکەیشی تا ماوەیەک لەلامان بوو، تا شووی بە شێخ عیزەددین تاڵەبانی کرد لە لەیلان، ئیتر تووشی نەخۆشی بوو، دەماری پەق بووبوو، هاتبوو بۆ بەغدا بۆ چارەسەر وەرگرتن، ئیتر ئەمری خوای کرد.

ڕامان: ئەو خوشکەی خۆش دەویست، چەند منداڵی لەپاش بەجێما؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، زۆر، چونکە هەردووکیان تاقانە بوون، دوو کچ و کوڕێکی جێ هێشت.

ڕامان: ئەدی باوکت باسی باوکی خۆی بۆ نەدەکردن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا، تەنیا هەر ئەو مەسەلەی کاروانچی تووتنەکە بوو، هەر ئەوەندە بوو کە دەچوونە ناوچەی شارباژێڕ و تووتنیان بە ولاغ دەهاورد بۆ لەیلان و لە (لەیلان)ـەوە دەیانبردە ناو کەرکووک.

ڕامان: ئەدی نازناوی مەردان لە چییەوە هات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: لە (چالاک)ـەوە هات، واتای ئازا دەگەیەنێ.

ڕامان: مەردان، خۆی ئەو نازناوەی لە خۆی ناوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نەخێر، ئەوە خزمێکی زۆر نزیکی هەبوو، خزمی باوکی بوو، دوو خوشک بوون، مەلا شەوکەت و مەلا هەیبەت، ئەوانیش لە کەرکووک لە تەکیە مەولوودیان دەخوێند، مەلا هەیبەت نابینا بوو، باوکم منداڵ بوو، کە مەولوود دەبوو دەستی دەگرت و دەیبرد لە ماڵان مەولوود بخوێنێ، بە تایبەتی مەولوودی ژنان، باوکم دەستی دەگرت و دەیبردە مەولوود و دەیگەڕاندەوە ماڵ، ئەو مەلا هەیبەتە (مەردان)ی ناو لێ نا مەردان.

ڕامان: کەواتە مەلا هەیبەت ناوی (مەردان)ی لە باوکت ناوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، کە لە (لەیلان)یش لەسەر خەرمان دەخەوت، منالێکی زۆر بچکۆلانە، مێردمندالّ دەبێ، لەسەر خەرمان وەک پاسەوان خەوتووە، بەیانیان زوو شەبەقی، مێگەلی بۆ لەوەڕاندن دەرکردووە، هەموو ئەو شتانەی کردووە، ئیتر ئەو (مەردان)ـە بووە بە نازناوی عەلی مەردان.

ڕامان: عەلی مەردان لە ژیانیدا زۆر ڕێزی لێ نراوە؟ چەند جار خەڵات کراوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، زۆر جار خەڵات کراوە، بەتایبەتی دوای سااڵنی حەفتا. هونەرمەندانی عەرەب لە بەغدا یەک جار، باوکم دوو جار بڕوانامەیان پێی داوە، خەڵاتێکیان بڕۆنزێک بوو لەسەر مەڕمەڕ، بە ئاڵتوون لەسەری نووسرابوو فەن، ئەوە حەڵقەیەکی ئاڵتوونە، ئەوەیان پێ بەخشی، ئەوکاتە لەتیف نسەیف جاسم وەزیر بوو.

ڕامان: وەزیری ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی عێراق بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەروەها کاتێک تاریق عەزیز وەزیری ڕۆشنبیری بوو بڕوانامەیەکیان پێ بەخشی، سەندیکای هونەرمەندانیش بڕوانامەیەک و مەدالیایەکیان پێ بەخشی.

ڕامان: هەموو خەڵاتەکان، مەدالیا و بڕوانامە بوون، ئەی لە ڕووی ماددییەوە هیچ کۆمەک نەکرا؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا، ساڵی ١٩٦٣ کە چووبوو بۆ ئێران ئاهەنگی ساز کردبوو، کاتێ گەڕایەوە، لە بەغدا سەفارەتی ئێرانی ئاهەنگی پێشوازییان بۆی ساز کرد.

ڕامان: ئاهەنگی پێشوازییەکە چۆن بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد، (جامێکی - کاسێکی) زیویان پێی بەخشی بوو، لەگەڵ ئەو تێپەی کەوا گۆرانییەکەی لەسەر تۆمار کراوە، هەروەها سەعاتێکی ئالتوونی کە نرخەکەی سێ هەزار تومەنی ئەو کاتە بوو، وەک دیاری پێیان بەخشی.

ڕامان: خۆی ئەوەی بۆ باس کردووی، یان ئاگات لەو ڕێزلێنانە بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: من لە ئاهەنگەکە لەگەڵی بووم و چوومە سەفارەتی ئێران، ئێستاش ڕێزلێنان و بڕوانامە و مەداڵییەکەی هەر ماون، هەندێ برادەر ئێستایشی لەگەڵدا بێ لە ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ هەر خەڵاتی دەکەن.

ڕامان: بێجگە لەو خەڵاتەی ئێران، لەلایەن وڵاتانی دیکەوە ڕێزیان لێ گرتووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: برادەرێک مامۆستا بوو، لە یابان دەیخوێند، کە هاتەوە وتی من وەک ڕێزلێنانێک ئەوەم بۆ باوکت هێناوە، ژنەکەی خەڵکی یابانە، ئەو لە زانکۆی سلێمانی مامۆستا بوو کە زانکۆی سلێمانی لەوێ بوو، ئیتر ئەو خەڵاتەی باوکمی پێ بەخشیم، ئێستاش هەڵم گرتووە. کورێکی تر کە خۆی لە هەوادارانی گۆرانییەکانی باوکمە، چووبووە چین، لە چین مەداڵیایەکی بچکۆلانەی هێنابوو، شووشە لەناو شووشەیە بە لیزەر وێنەیەکی باوکم لە ناوەوەیدا چاپ کراوە، کە دەیکەیتەوە چوار ڕەنگ، پێنج ڕەنگە، سوور و زەرد و شین، وەک چرایە دەکرێتەوە، ئەویشم هەڵگرتووە. کورێکی تر شتێکی بچکۆلانەی بۆم هێنابوو، ئەویش برۆنزە، زنجیرێکی تێدایە، لە پشتی ئەی، ئێم، واتە عەلی مەردان نووسراوە، ئەویشم هەڵگرتووە.

ڕامان: با باسێکی ئەو ئەرشیفەی باوکت بکەین، دیارە باوکت پیاوێک بووە حەزی لە ئەرشیف بووە و بایەخی پێ داوە و زۆر شتی هەڵگرتووە، ئێوە لە دوای نەمانی باوکت چەند توانیوتانە ئەرشیفەکەی وەک ئەمانەت بپارێزن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو نەوەیەی ئێستای خانەوادەکەمان، یان بڵێین ئەو نەوەیەی کە وا دوا نەوەیە ئەرشیفەکەیان نەپاراست، بەڵام من ئەوەی توانیم و پێم کرا شتە سەرەکییەکانم پاراست.

ڕامان: وەکوو چی؟ چیت پاراستووە و چۆنت پاراستووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ساڵی ١٩٨٠ کە منداڵەکانم هاوردە هەولێر، هەر لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)یش مامەوە و هاتوچۆم دەکرد، پێنجشەممان دەهاتمەوە، جومعە دەگەڕامەوە، ئەو کاتە ئەوەی توانیم لە بەغدا دەرم کرد، ئەو شتانەم دەگوێزایەوە هەولێر، ئەو دوو دیارییە، بڕوانامەیەک و کۆمەڵێک قەوانی کۆمپانیای چەخماخچی، دەستخەتی خۆی کە پێنج دەفتەری خۆی هەبوو، ئەوانەم هەموو دەرکرد، کۆمەڵێک وێنەم ڕزگار کرد، هەموو ئەوانەم هێنایەوە هەولێر و هەڵم گرتن، بەڵام منداڵەکانی تری گوێیان پێ نەدا، ئەوە بوو دۆخەکەیان تێک دا.

ڕامان: لەو ئەرشیفەی لەلای ئێوە بوو هیچی لێ نەفەوتا ؟ ئەرشیفی گۆرانییەکانی، دەفتەری دەستوخەتەکانی، یان خەڵک کە نامەی بۆی ناردووە، ئەو نامانە زۆر گرنگن، لەلات ماون، یان فەوتاون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە داخەوە، زۆریان لێ فەوتا، بەڵام سێ چوار نامەم هەڵگرتووە.

ڕامان: ئەو نامانە بە زمانی کوردین، یان عەرەبی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە زمانی کوردین.

ڕامان: بۆچی تا ئەوانەش نەفەوتاون فۆتۆکۆپییەکیان ناهێنی لە گۆڤاری (ڕامان)دا، بڵاویان بکەینەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نامەکان لەبەردەستن، یەک، دووانێکیان لە ئێرانەوە هاتوون، نامەیەکیان هی (ئەنوەر شاکەلی)ی شاعیرە، ئەوکاتە تازە تەلەبەی پۆلی شەشی سەرەتایی بووە کە نامەکەی لەگەڵ پارچە شیعرێک بۆ ناردووە، عەبدوڵڵا پەشێو شیعرێکی خۆی بۆی ناردووە.

ڕامان: شیعرەکەی پەشێو، نامەی لەگەڵ نەبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، نامەشی لەگەڵ بوو، بەڵام بە داخەوە نامەکە فەوتا، شیعرەکەی بە دەستخەتی خۆی ماوە، باوکم نووسیویەتی، عەبدڵڵا پەشێو، ئیتر ئەو شتانەی کە وا من هەڵم گرتوون، بۆ نموونە دووجار سەعاتیان پێی بەخشیوە، سەعاتە ئالّتوونییەکە لای برایەکم بوو، گوایە ئەو هەڵی بگرێ، دەڵێ لە بەغدا دزێک چووەتە سەریان و سەعاتەکەی دزیوە، هەمووی ئالّتوون بوو، ئەوەی لە ئێران پێیان دابوو، تەنانەت زنجیر (بزیم) هەیە، بزیمەکەشی ئالّتوون بوو، سەعاتێکی قەمەری بوو، مێژووی ئەوان بە زایینی و شتی وا نییە، شتێکی دەگمەن بوو.

ڕامان: بەڵێ، لای ئەوان هەتاوییە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو سەعاتە دوو هەتاوە، سەعاتێکی عەنتیکە بوو، بەڵام وێنەکەیم هەیە، بە وێنە هەڵم گرتووە، کە چووەتە لای شێخ مەحمود، بەرماڵێک و خەنجەرێک و سەبیلێکی پێ داوە، کە چووەتە لای شێخ عەلائەددینی بیارەی نەقشبەندی، باوکی شێخ عوسمان، باوکم وێنەیەکی بە جلی کوردییەوە هەیە، ئەو جلە کوردییە ئەو پێی داوە.

ڕامان: ئەو دەستە جلە کوردییەی ماوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا.

ڕامان: کۆڕەکەی ساڵی ١٩٨٠، کە پێش مردنی بە چەند مانگێک لە سلێمانی بۆمان ساز کرد، ئەوە لە تەوەرێکی تایبەتیدا باسی دەکەین، چونکە لەوێش لە بیرمە بە چاکەت و پانتۆڵێکی شەکەرییەوە هاتبوو، گوتمان وەک خەڵات و ڕێزلێنان بۆ مامۆستا چی بکەینە دیاری؟ پێشنیارم کرد و گوتم ئەو کە بە جلی چاکەت و پانتۆڵەوە هاتووە، با بە جلی کوردییەوە بینێرینەوە، ئەوە بوو وەک دیاری (شاڵ)مان بە دیاری دایێ.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ڕاستە، قوماشەکەی بوو.

ڕامان: ئەوجا ئەوە قوماش نییە، ئەوە شاڵ، کر، یان بوزووی پێ دەڵێن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەویش ماوەیەک مایەوە، دوایی فرێیان دا، نازانم چییان لێ کرد.

ڕامان: بەڵام ئێمە گوتمان قیاسەکەی نازانین با سەقەت نەبێت و خۆی بیدوورێ، دیاریەکی ڕەمزی زۆر گونجاو و موعەبیر بوو، بۆ ئەو کاتە زۆر جوان بوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە نیسانی ساڵی ١٩٨٠ بوو، بەڕاستی ئەو ڕێزلێنانەی لە سلێمانی بۆی کرا، ئێستایش شانازی پێوە دەکەم.

ڕامان: ئەوە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی من بوو، حەز دەکەم بۆ مێژوو بزانرێ.

عەبدولقادر عەلی مەردان: هەر لە وێنەکەدا جەنابت لەسەر شانۆکەدا دیاربووی ڕۆڵی سەرەکیت هەبوو، ئەو ڕێزلێنانەم زۆر پێ خۆش بوو، چونکە هەر لە دوای ئەو ڕێزلێنانە بە

چەند مانگێک کۆچی دوایی کرد.

ڕامان: لە تەوەرێکدا باسی دەکەین، بیرۆکەکەی چۆن لەلام سەری هەڵدا، کۆمەڵێک ڕووداوی خۆشی تێدایە باسیان دەکەین، چونکە کۆڕێکی زۆر گرنگ بوو، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت ئەوەندە خەڵک هاتبوون، حکوومەت ناچار بوو قوات خاسەی ناردبووە ئەو ناوە، نەوەک ببێ بە خۆنیشاندان و هەرایەک دروست ببێ.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو کۆمەڵە لاوەی دەوروپشتی باوکم کەریم کابان و دوو سێ گۆرانیبێژی ئەو کاتە کە لە دەوروپشتی دانیشتوون، لە وێنەکەدا دیارن، ئەوە وێنەیەکی زۆر جوانە.

ڕامان: بەڵێ، ئەو وێنەیە لە ئێمەوە داکەوت و بڵاو بووەوە، وێنەکان لەلایەن وێنەگری بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی جەماوەرەوە گیرابوون، دواتر فیلمەکان کەمال ڕەئووف محەمەد بردنی و نەیهێنانەوە، تا ئێستاش هەر لە ئەرشیڤی ئەو ماونەتەوە، بەڵام ئەوەی باش بوو کە زوو وێنەکانم شووشتەوە، لەبەر ئەوەی گرتەیەکی ئەوی تێدابوو، لە تەنیشت شەماڵ سائیب دانیشتبوو، گوتی پێویستم بە فیلمەکانە، دەیانبەم دەیانشۆمەوە، لەگەڵ کاسێتەکانی بۆت ناردبووم، پێنج کاسێت بوون، گۆرانی هەمەچەشن بوون، هەر لە گۆرانییە سەرەتایەکانییەوە کە لە ساڵانی ١٩٢١وە دەستی پێ دەکرد، گۆرانییە تورکییەکە کە پێشتر ئاماژەم بۆی کرد، گۆرانی عەرەبی و فارسی تێدابوو، گوتم بۆم بنێرە بۆ ئەوەی لە بەینی بڕگەیەک و بڕگەیەک گۆرانییەک دابنێم، چونکە سەروکاری کۆڕەکەم دەکرد، ئیتر پێنج کاسێتەکە و فیلمەکانی چۆن برد نەیهێنانەوە، ئەوە مێژووە دەبێ بگوترێت.

عەبدولقادر عەلی مەردان: نازانم کتێبەکانی کاک (کەمال ڕەئووف)ت بینیوە ئەوانەی باسی ئێزگەی کوردی دەکەن، بزانە چەند قسە بە خەڵکی دەڵێ، من پێوەندیم بە فڵان کەسەوە کرد کە لە لەندەن دادەنیشێ، کچی عادل عیرفان، بۆ ئەوەی شتم بۆ بنێرێ بڵاوم بکردبایەوە، ئێستا و ئێستایش نەینارد، ئەوە ناشیرینە، بەڵکوو ئەو ئافرەتە دەستی نەکەوتبێ بۆتی بینێرێ؟ جارێک لەم دواییە کە لە هۆڵەندا بوو، تەلەفوونی بۆ کردم، وتی هەموو دەستخەتەکانی باوکتم بۆ بنێرە، من ئیشیان تێدا دەکەم، گوتم کاکە بە چی بۆتی بنێرم، پاشان تۆ ناتوانی دەستخەتەکان بخوێنیتەوە، دەبێ یەکێکی شارەزا دوو سێ جار بۆتی بیخوێنێتەوە، ئەوجا فێری دەستخەتەکەی باوکم دەبی، بەم قسەیە لێم تۆرا، جارێکی دی تەلەفوونی کردبوو کچەکەم هەڵی گرتبوو، قسەی ناشیرینی بە کچەکەم گوتبوو.

ڕامان: دەستوخەتی باوکت ناخۆش بوو، باش نەبوو، بە ئاسانی نەدەخوێندرایەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: باش بوو، بەڵام ڕێنووسەکەی کۆنە، ڕێنووسی فەقێیەتی و مەلایەتییە، دەستخەتمان هەیە ئەگەر بیبینی کاغەزەکەی سپییە، ڕەنگی بووەتە قاوەیی، بەڵام هەڵم گرتووە.

ڕامان: باوکت حەزی لە سینەما هەبوو، بۆ سەیری فیلم دەچوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا.

ڕامان: هەر هیچ نەچووە؟ لە هەموو ژیانیدا نەچووە؟ جارێک دەستتان بگرێ و ئێوە لەگەڵ خۆی ببات؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا، شتی وا ڕووی نەداوە.

ڕامان: ئەی حەزی لە شانۆ دەکرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: وەک حەز بەڵێ، نەک وەکوو سەردانی شانۆ، بەڵام لە ئێزگەی کوردی لەگەڵ تیپەکەی ڕەفیق چالاک و ئەحمەد دەنگ گەورە بەشداریی کردووە.

ڕامان: لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵ دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ باسی باوکتی کردووە ، دەڵێ من لە بەغدا قوتابی بووم دەچووین لە ئێزگە تەمسیلمان دەکرد، دیارە تەمسیلیان کردووە و پارەیشیان داونەتێ، دەڵێ جارێکیان لەگەڵ مامۆستا عەلی مەردان تەمسیلم کرد، لە تەمسیلکەدا من دەبەن بۆ سەربازی، گوتی دایکم لە سلێمانی بە ڕێکەوت بیستبووی، گوتبووی ئەیەڕۆ ئەوە خۆ کوڕەکەم دەبەن بۆ سەربازی، ئەوە چۆن شتی وا دەبێ؟ پێیان گوتبوو بابە ئەوە تەمسیلە، ئەوە لە گفتوگۆکەدا هەیە، دیارە باوکت تەمسیلیشی کردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بەڵێ، لە چوار حەڵقەدا تەمسیلی کردووە.

ڕامان: وەک لەبیرم بێ باوکت لەوێ دەوری موختاری بینیوە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بۆ موختار نازانم، بەڵام لە چایخانەی حەمە بۆر، شتێکی وایە کراوە.

ڕامان: لە کوێ بووە؟ لە شاری سلێمانی بووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئا، بەڵێ.

ڕامان: لە سلێمانی چایخانەی حەمە ڕەق هەبووە، نەک چایخانەی حەمەبۆر.

عەبدولقادر عەلی مەردان: حەمە ڕەق، چایخانەی حەمە ڕەق تەواوە.

ڕامان: من حەمە بۆرم نەبیستووە، (حەمە ڕەق)م بیستووە، چونکە زۆر لە شاعیرەکان لەوێ دادەنیشتن، لەوانە گۆران و هاوڕێکانی لەوێ دانیشتوون.

عەبدولقادر عەلی مەردان: حەمە بۆر باوکی (ئەحمەد زەردەشت)ـە، تەمسیلەکە بە زۆر کردمیان بە دوکتۆرە، باوکم چوار تەمسیلی هەیە.

ڕامان: ناوەکانی ئەو چوار دانەیە دەزانی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کەمال ڕەئووف لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی، تەمسیلەکان هی باوکم نییە، هی (ڕەفیق چالاک)ن، باوکم حەزی کردووە لەو بوارەدا چالاکییەکی هەبێت و تەمسیل بکا، بەڵام ئەویش زۆر لەسەری بەردەوام نەبووە، چونکە ئەوانەی سەروکاری تیپەکەیان دەکرد نەمان.

ڕامان: باشە وەک گوتت باوکت تا سێی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام وەک دیارە لە حوجرەش خوێندوویەتی، وەک بزانی حەزی لە کتێب خوێندنەوە هەبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئا.

ڕامان: چ کتێبێکی دەخوێندەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: زیاتر شیعری شاعیرەکانی دەخوێندەوە، (عومەر خەیام)مان هەبوو، چاپی یەکەمی عومەر خەیام کە لە ئێرانەوە بۆیان هاوردبوو، بەردەوام دەیخوێندەوە.

ڕامان: ئەوەی وەریان گێڕابووە سەر زمانی کوردی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، چوار دێڕ، چوار دێڕ بوو.

ڕامان: هەر شیعرەکانی خەییام چوارینەن.

عەبدولقادر عەلی مەردان: مەبەستمە بڵێم چوار بە چوار، چوار دێڕی کوردی و چوار دێڕی فارسی بوو. لە کتێبێکی ئەستووردا بوو، ئەوە بوو، دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی بەغدا کتێبیان بۆی دەنارد ئێزگە، وەک گۆڤارەکانی:

هیوا، شەفەق، گەلاوێژ، تاهیر تۆفیق دوو کتێبە چاپکراوەکەی خۆی بۆی نارد.

ڕامان: مەبەستت کتێبەکانی چەپکە گوڵ و ئاوازی بەستۆز و گۆرانی و ژیان و ئەوانەیە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، کتێبێکی هەبوو لە بارەی گۆرانی عەرەبی، تاریخ المقامات العربیة، کە عەبدولکەریم عەلاف نووسیویەتی، کۆنە، ئێستا نەماوە، هەروەها کتێبێکی بەناوی (الطرب عند العرب) هەبوو.

ڕامان: نووسەری کتێبەکان خۆیان بۆیان ناردبوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، ئەوان بە دیاری بۆیان ناردبوو.

ڕامان: خۆی دادەنیشت ئەو کتێبانەی دەخوێندەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ.

ڕامان: بەڵام ئەو مەقامات لە کتێبەکانەوە فێر نەبووە، زیاتر بە گوێگرتن — سەماعی فێری مەقام بووبوو.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بێگومان وایە.

ڕامان: بەتایبەتی لە تەکیەی کەرکووک و لە لەیلان فێربووە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بە تایبەتیش کە دەچووە لای فەقێکان، نزیکی تەجویدی قورئان و مەولوود خوێنەکان دەبووەوە.

ڕامان: بەڵام پێ دەچێت زیاتر لە هەموو کتێبێک، دیوانی شیعری شاعیرانی کوردی خوێندبێتەوە، بۆ گۆرانییەکانی شیعری جوانی هەڵبژاردووە، بۆ نموونە شیعری گۆران و هەردی و ئەخۆل و شاعیری دیکەی تێدایە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو شاعیرانە لە دوای پەنجاکان و شەستەکان خۆیان شیعریان بۆی دەنارد ، بە نامە شیعریان بۆی دەنارد، ئێستا ئەگەر ئەو کتێبەی بەناوی (شیعری هەڵبژاردەی کوردی) بدینی، ئەوە هەمووی بە نامە بۆی نێردراوە، لەو باوەڕەدام هەندێک لە دیوانەکانی ئەو شاعیرانە، ئەو شیعرانەی لەناو کتێبەکەی باوکمدا هەن، ئەوان لەلایان نییە.

ڕامان: یان لەلایان نییە، یان دەستکاری شیعرەکانی خۆیان کردووە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەو ڕۆژە شیعرێکم دی هی ئەحمەد دڵزار، خوا تەمەن درێژی بکات (ئەوکاتە کۆچی دوایی نەکردبوو)، دوو شیعرم لە ناویدا دۆزییەوە، یەکێکیانی بە مەقام وتووە، ئەوەی تریان بەستەیە، «ئەی باڵابەرزی نەرموشل»، ئەوە هی ئەحمەد دڵزارە، وتم کوڕەکەی ببینم، لێی بپرسم ئەگەر دیوانی هەیە بیهێنێ بەراوردی دەکەم، بزانین جیاوازییەکەیان چییە، هەروەها شیعرێکی هێمن کە لە دیوانەکەیدا نییە، لە کتێبەکەی باوکمدا هەیە.

ڕامان: دڵزار دیوانی هەیە، کۆی شیعرەکانی چاپ کراون.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئێستا حەز دەکەم بەدواداچوون بۆ ئەو شتانە بکەم، ساغیان بکەمەوە، پڕۆژەیەکم بە دەستەوەیە، ئەگەر تەمەن دەرفەت بدا، ئەوە دەبینن نەخۆشم و جارێ وەزعم باش نییە.

ڕامان: هیوادارم باش بیت.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەی چی بکەین، ئیتر ئەوە ژیانە.

ڕامان: کەواتە باوکت حەزی لە خوێندنەوە بووە، لەناو کتێبەکانیش زیاتر حەزی بە خوێندنەوەی شیعر بووە، بە تایبەتی شیعری کوردی، چونکە سەرنجم داوە شیعری باشی بۆ گۆرانییەکانی هەڵبژاردووە. سەلیقەی بۆ هەڵبژاردنی شیعر زۆر چاکە، بێجگە لەو

شیعرانەی خۆی نووسیونی، شیعری زۆر جوانی هەڵبژاردووە و ئاوازی بۆ داناون و بە بەستە و مەقام گوتوونی.

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوە شیعرێکمان لەلایە، تا ئێستا بە زۆر کەسم وتووە، دەمەوێ ساغی بکەمەوە، بەڵام تا ئێستا بە ئەنجامێک نەگەیشتووم. شیعرەکە مولەمەعە، من ئەو جۆرە شیعرەم نەمبیستبوو، یەکەم جارم بوو دەمبیست، بەڕێکەوت بەناو دەفتەرەکانی باوکمدا دەگەڕام، شیعرەکە نزیکەی دە دێرە، واتە دە بەیتە، فارسییە، عەرەبییە، کوردییە، شیعرەکەت بۆ دێنم بیدینەوە، ئەوە چەنێکە دەپرسم نازانم هی کێیە، ئەو شیعرەی چۆن کەوتووەتە دەست، نازانم.

ڕامان: لەناو شیعری کوردیدا زۆر شیعری مولەمەع هەن، کاتی خۆی د. مارف خەزنەدار لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری کۆلیژی ئەدەبیات لەسەر مولەمەعی نووسیوە، حەتمەن ئەو مولەمەعەیان بۆ ناردووە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: یەکێک لەو کتێبانەی هەیەتی، یەکەم ئەلفوبێیە.

ڕامان: خەلدوونییە دەڵێی، یان ئەلفوبێی کوردی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەلفوبێی کوردی لەناو کتێبەکانیدا هەیە.

ڕامان: ئەلفوبێی کوردیی کێیە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بە تەواوی نازانم.

ڕامان: دەبێ ئەوەی حامید فەرەج، یان ئەحمەدی عەزیزاغا، یان ئیبراهیم باڵدار بێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: خاوەنەکەی بە دیاری بۆی ناردبوو، بێگومان ئەو ئەلفوبێیەی ئێستا نییە، ئەلفوبێی ئیبراهیم باڵدارە. وێنەکانی هەموویان بە جلی کوردین و قەبارەی کتێبەکە گەورەیە، بەڵام سەرم لەوە سوڕماوە کە لە چاپخانەی پەروەردە چاپ کراوەتەوە، زۆر دەستکاری کراوە.

ڕامان: دەتەوێ بڵێی چاپەکەی ئەم دواییەی تێک دراوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، دانەیەکم هەیە، هەڵم گرتووە.

ڕامان: باوکت هەندێک قەوانی هەیە، کاتی خۆی لە سلێمانی کۆمەڵێکم لە قەوانەکانی چەخماخچی و بەیزافۆن پەیدا کرد، کە مەقام و بەستەی (عەلی مەردان)یان لەسەر تۆمار کراوە، من دەمزانی مامۆستا باکووری سوودیان لێ وەردەگرێ، بۆیە پێشکەشی ئەوم کرد، پێم گوت تۆ قەوانت هەیە و سوود لەو ئوستوانانە وەربگرە.. نازانی باوکت چۆن لەگەڵ کۆمپانیای چەخماخچی و بەیزافۆن کاری کرد، چۆن لێیان نزیک بووەوە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: خۆزگە تۆ قەوانی بەیزافۆنت بدیایە، ئەو کاتی سەرەتا کە تۆماری کردووە، بێگومان نە ئەو تەسجیلانە کە ئوستوانە بوو، ئەوسا شتێکی خڕ بوو، ئامێرەکەم دیبوو، یەک ئامێر جێگای دوو شوێنی خڕی تێدایە دەچێتە ناوی، یەکێکیان تازەیە، ئەوەکەی تری تۆمار کراوە، لەسەر ئەو لوولەیە تۆمار دەکرا، دەیاننارد بۆ حەڵەب لە سووریە، لە حەڵەب چاپ دەکرا و دەیانهێنا بۆ فرۆشتن، بەڵام باوکم قەوانێکی هەیە هی کۆمپانیای هۆمۆکۆردە، لە کورد و لە عەرەب کەس گۆرانی لەو کۆمپانیایەدا تۆمار نەکردووە.

ڕامان: چەند دانەی لەلایان تۆمار کردووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: یەک دانە.

ڕامان: سااڵی چەند؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڕای من ساڵانی

بیستەکانە، کۆتایی بیستەکان بووە.

ڕامان: ئەوەی چەخماخچی و بەیزافۆن کێ پێی گوت وەرە بۆت تۆمار بکەین، کۆمپانیاکە خۆیان هاتن بۆ لای؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئەوەش هەر حەڵەبە، لەوێ تۆمار دەکرا، دەیانناردن لە حەڵەب چاپ دەکران.

ڕامان: دەزانم، ئەوانەی کە پێوەندییان پێوە کرد کێ بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کۆمپانیاکان گەرەکیانە قازانج بکەن، دیتییان گۆرانیبێژی کورد نییە، هەر عەلی مەردان هەیە گۆرانی دەڵێ و گۆرانییەکانی سەرکەوتوون، ئیتر بە ڕێی ئێزگەوە پێوەندییان پێوە کرد، تۆمارەکەیان دەکرد و دەیاننارد. ئەوەی حەڵەب بۆیە پێی دەڵێن بەیزافۆن، چونکە خاوەنەکەی لبنانی بوو، ناوی ئیلیا بەیزا بوو، فۆنەکە هی دەنگە، بووە بە بەیزافۆن.

ڕامان: ئەی خاوەنەکەی چەخماخچی چۆن پێوەندیی پێوە کرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: عەبدوڵڵا و ناجی، ئەوانە لە بەغدا کۆمپانیاکەیان و خۆیان یەکەم کەس بوون شوێنی کاسێتیان دانا.

ڕامان: ناوی تەواویان چی بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: عەبدوڵڵا چەخماخچی و ناجی چەخماخچی.

ڕامان: هەر ئاوا بەناوبانگ بوون؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، وێنەیەکیشم هەیە هەڵم گرتووە کە هی عەبدوڵڵا چەخماخچی خاوەنی سەرەکی کۆمپانیاکەیە.

ڕامان: تۆمارکردنی ئەو قەوانانە دەستکەوتێک، داهاتێکی ماددی بۆ باوکت تێدا بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، دێتە بیرم ئەوەی چەخماخچی پێنسەت دیناری سویسرییان دابوویێ.

ڕامان: پێنسەتی سویسری زۆرە! ئەوە سااڵی چەند بوو؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ئاخر کۆمەڵێک قەوان بوون، یەک و دووان نەبوو، لەوانەیە ساڵانی پەنجاکان بووبێ.

ڕامان: ئەو پارەیە بۆ ئەو کاتە پاداشتێکی زۆر باشە.

عەبدولقادر عەلی مەردان: پێنسەت دیناریان پێ دا، ئێستایش بە بیرم دێ پەنجا دیناری دایە دایکم، دایکیشم دایە باڵەیەکی کەپس، لە کارگەی فەتاح پاشا لە بەغدا کە شوێنەکەیان لە کازمیە بوو، لەوێ باڵەیەکی پەمۆی سەندو بردییە لای هەاڵج کردییە دۆشەگ و لێفە و سەرین، پارەکەی بۆ ناومااڵ و کەلوپەل کڕین خەرج کرد، ئەوەی مایەوە بۆ ژیانمان، بەوە نەختێک بووژاینەوە و گوزەرانمان باش بوو.

ڕامان: ئەو بڕە پارەیە سوودی باشی هەبووە، دیارە کە گۆرانییەکان باڵو کراونەتەوە، خەڵک قەوانەکانی کڕیوە و داهاتی هەبووە، ئەوانیش حەقی خۆیان داوەتێ.. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر بەاڵمەوە گرنگ و پێویستە وەک وێستگەیەک لە ژیانی ئەو هونەرمەندە باسی بکەین هاوڕێیەتی و ئاشنایەتییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ سەبید عەلی ئەسغەری کوردستانی بووە، دەڵێن جارێک بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ هاتووە و لەگەڵ م. عەلی مەردان بە یەکەوە بوون و ئەو (١٠) ڕۆژەیان پێکەوە بەڕێ کردووە، تۆ چی لە بارەی ئەو پێوەندی و هاوڕێیەتییەوە دەزانن؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: شتێکی ئەوتۆ لە بارەی ئەو پێوەندییەوە نازانم.

ڕامان: لەوانەیە هەروەکوو هەواڵێک بەمەت زانیبێ، بۆیە وردەکاری ئەو هاتنە نازانی.. ئەی ڕێک نەکەوتووە لە ماڵەوە بۆتیان باس کردبێ؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: نەوەڵڵا.

ڕامان: ئێستا دێمەوە سەر خۆت، تۆ کە بە عەرەبی خوێندت، منیش تا شەشی سەرەتاییم لە قوتابخانەی (بابولشێخ)، ئەبی تەمام، ئیبن سینام لە بەغدا خوێند، من بە عەرەبی خوێندم، بەڵام کە هاتمەوە کوردستان خۆم فێری کوردییەکی باش کرد، بە کوردی زۆرم خوێندەوە، تۆ بۆ هەوڵت نەدا زمانەکەت پاک بکەیتەوە و فێری کوردییەکی باش ببیت؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: با عەرزت بکەم، تۆ لە کوێ لەدایک بووی؟

ڕامان: من لە هەولێر، لە گەڕەکی تەیراوا لەدایک بووم.

عەبدولقادر عەلی مەردان: چەند ساڵ لە هەولێر بووی؟

ڕامان: تا تەمەنی پێنج ساڵی لە هەولێر بووم، لە ساڵی ١٩٦٣وە چووینە بەغدا، تەمەنم حەوت ساڵ بوو کە چووم لە پۆلی یەکی سەرەتایی دەستم بە خوێندن کرد.

عەبدولقادر عەلی مەردان: واتە دوای حەوت ساڵی تەواو، بە حەوت ساڵی تۆ بە تەواوی زمانی دایکت فێر بووبووی، فێرکردن بە منداڵی وەکوو هەڵگۆڵینی سەر بەرد وایە، بەڵام من کە لە بەغدا ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکێکی عەرەبی لەدایک بووم، ئەوەی دەیبیستی هەمووی زمانی عەرەبییە.

ڕامان: زۆر چاکە، ئێمە تا قۆناغی سەرەتاییمان هێنا، باسی ژیانی تۆمان کرد کە لە بەغدا و لەو قوتابخانانە خوێندووتە، ئێستا دەچینە سەر قۆناغی دووەم کە لە سەرەتاییەوە چووی بۆ ناوەندی، لە ناوەندی یەکەم جار لە چ قوتابخانەیەک دەستت بە خوێندن کرد؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: کە سەرەتاییم تەواو کرد، حەزم دەکرد هونەر، لە هونەرە جوانەکان بخوێنم، بە باوکم دەوت ئەوانەی لەوێن برادەرتن، یەکێک لەوانە حەقی شبلی زۆر هاورێی بوو، ئەو کاتە ڕاگر بوو، غانم حەداد، سەلمان شوکر لەوێ مامۆستا بوون، بەڵام بۆی نەکردم.

ڕامان: ئەو کاتە لە شەشی سەرەتایی کە دەرچووبای دەتتوانی یەکسەر بۆ خوێندنی هونەرە جوانەکان بچی؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بەڵێ، بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکرا.

ڕامان: لەوێ پێنج ساڵت هونەر دەخوێند.

عەبدولقادر عەلی مەردان: بەڵێ، بە داخەوە ڕێک نەکەوت.

ڕامان: دیارە باوکت حەزی لە واستەکردن و تەکلیف نەبووە؟

عەبدولقادر عەلی مەردان: ناوەڵڵا، بە هیچ جۆرێک لە ژیانیدا تەکلیفی لە کەس نەکردووە.